# بەیت و بالۆرە

ئەنوەری ڕەشی عەولا
anwarrashyawla@yahoo.ca

لەوەتی باران هەیە، بەگاسنە کول و تیژەکانی
هەر زەوییە زامدارەکانی با دەکێڵێ
خۆر ڕەگەکانی بە ئازای با ی بێمەئوادا ڕۆدەچێنێ
مانگ با ی کردۆتە کۆڵکێشی خاکەسارییەکانی خۆی
ئەستێرەکانیش تاجەگوڵینەی دڕکەزییەکانیان لەسەر جێداخەکانی با داناوە (چ دڵڕەقێکن باران و خۆر و مانگ و ئەستێرەکان !؟)
ئەوجا لەو ڕەنجە سەرمەدییەدا
با
نەباری نەبەردییە ئاوییەکانی؛ لارن
نە خەندە شنەییەکانی؛ لێو بەبارن
نە بە چارەنوسی بێچارەی خۆیشی؛ بێبارە
ئەرێ سەر بە چ نەسەبێکە با ؟!

با: گەرچی ئەم تابلۆ هەرگیز متنەبووە؛ بێ چوارچێوەیە و بێ ڕەنگ و ڕوو لێ تژییە لە شەکراوی ڕەنگە چاوبازەکان

خۆر: ئەم باخەوانە تەنیانشینە تیشکپۆشە، بێ منەت پریشکەتۆوی وروژانەکانی دەپرژێنێ بە بەرهووتەکانی بووندا

خاک و خۆڵ: سندوقێک لە ئەمانەتی نیگا گومناوەکان. وەکو هەوڵ بوون بە دیارخرکردنەوەی خەیاڵی هەتاوێکی هەوەسباز ساتەوەختێ لەژێر پێستی بەفرێکە کە لە توانەوەدایە

ئاو: ڕژانی زمانە. یەعنی لیکی نێودەمی هەور و بروسکە کەبەسەر ڕۆح و جەستەی ئاسمانیاندا دادەچۆڕێن